**بەڕێز عـــبـــدالخــــالق مـــحـــمـــد رشـــيـــد:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

له برگه دوو هاتووه لەبارەی تقاعد دەڵێ واحالتهم على التقاعد، یانی ئەم مەسەلەیە نەختێک ناحیەی قانونی نازانم چەند دەگونجێت، چونکە مەسەلەی تقاعد ئەبێت سنی قانونی خۆی هەبێت یان ئەسبابێکی موجەبە هەبێت نازانم لەو حاڵەتە انسان دەتوانێ نەقلی بکات لەبۆ شوێنی تر احالەی بۆ تقاعد بەبێ سنی قانونی مانای وایە اشکالاتێک دەبێت لەلایەنی قانونیەوە، سوپاس.

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق ئەگەر بیخوێنێتەوە (احالتهم على التقاعد وفق القانون) نوسراوە لەوانەیە تێبینی ئەوەت نەکردبێت، ئەمە متبعە لەهەموو دوائردا وەزیر بۆی هەیە موظفی خۆی کە سنی قانونی تەواو کرد یا کە موظف خۆی داوای کرد وەزیر بۆی هەیە احالەی تقاعدی بکات. مەوضوع معاقبە نییە موضوع سنی قانونییە و رغبەی شخصی تقاعد، زۆر سوپاس هیچ تێبینی تر هەیە؟ کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە... برگەی یەکەمی اولاً: تخويل هيئة رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق تحديد ملاكات المجلس ووضع الهيكل الاداري له.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەگەڵیان دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس.. ئەوانەی دژن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. بەتێکڕای دەنگ برگەی یەکەم وەرگیرا.

ثانياً: يخول رئيس المجلس صلاحية تعيين موظفيه وترفيعهم ومعاقبتهم واحالتهم على التقاعد وفق القانون.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەم برگەیەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... برگەی دووەمیش بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، هەموو بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن بە هەردوو برگەکەیەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ هەموو بڕیارەکە وەرگیرا.

بەڕێزان ئەوەی شایستەیە کە ئیشارەتی پێ بدەم پێش ئەوەی بچینە برگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە وەفدێکی برا ئێزیدیەکانمان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەن ومیوانن لێرە، ڕێگام پێ بدەن بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە بەخێرهاتنیان بکەم، بەخێر بێن. تکایە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسا بفەرموێ بۆخوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بــەڕێـز شــــێــــروان نـاسح حــــەیـدەری:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

پرۆژەی یاسای ژمارە (  ) ی ساڵی ٢٠٠٠

یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- یەکێتی: یەکێتی جوتیارانی کوردستان، بەپیتەکانی(ی.ج.ک) کورت دەکرێتەوە.

٣- سەرۆک: سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی کوردستان.

٤- نووسینگە: نوسینگەی راپەڕاندنی یەکێتی جوتیارانی کوردستان.

٥- وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری.

بەشی یەکەم

دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

یەکێتی جوتیارانی کوردستان لە هەرێم دادەمەزرێ، رێکخراوێکی پیشەیی دیموکراتی یەو خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی وکۆمەڵایەتی و پیشەیی دەبێ، وداکۆکی لە مافی یەکێتی جوتیارانی کوردستان دەکات و ناوەندەکەی لەهەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و بۆی هەیە لق لە مەڵبەندی پارێزگاکان و لیژنە لە قەزاو ناحیەو گوندەکانی هەرێمدا بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

یەکێتی لەسەر داواکاریەک مۆڵەتی رەسمی پێ دەدرێ، کە ئەوانەی پێشکەشی دەکەن، بەلایەنی پسپۆڕ لە (١٥) پازدە کەس کەمتر نەبن و دەبنە دەستەی ئامادەکار بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکێتی تاکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ.

**ماددەی چوارەم:**

یەکێتی لەپێناوی ئەم ئامانجانەی خوارەوە کار دەکات:

١- رێکخستنی جەماوەری جوتیاران لەهەرێم و یەکخستنی رێزەکانیان لەدەوری یەکێتی یەکەیان بۆ زامن کردنی ئایندەیەکی باشتر بۆیان.

٢- کۆشش دەکات بۆ چاککردنی باری گوزەرانی جوتیاران وبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و تەندروستیان.

٣- پەرەپێدانی گیانی دیموکراسیەت لەناو جووتیاران و هاندانیان بە پەیڕەوکردنی دیموکراسیەت لە پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی و پیشەیی یەکانیان.

٤- چاندنی گیانی بەختکاری بۆ بەرگری کردن بەشێوازی دیموکراسی لەمافە ڕەواکانیان لە رێگای پێشکەش کردنی بەتاک وبەکۆمەڵ و خۆپیشاندانی ئاشتیانە وهێمن.

٦- کارکردن بۆ دانانی یاسایەک بۆ چارەسەرکردنێکی ریشەیی گیروگرفتی زەوی یە کشتوکاڵیەکان ولق وپۆپەکانی لەهەرێمدا، لەگەڵ پارێزگاریکردن لەماف وبەرژەوەندی یەکانی جوتیاران و کەشاوەرزان وەدەست نیشان کردنی گرفت وئاستەنگەکانی بواری کشتوکاڵی

لەتێکڕای ناوچەکانی هەرێم دا بۆ دانانی ڕێگا چارەی شایستە بۆ ئەم مەبەستەش بەتوێژینەوە و دراسەی تایبەت بکرێت.

٧- کارکردن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی لەهەرێم بەبەشداری نوێنەری جوتیاران.

٨- کارکردن بۆ ڕەنگدانەوەی ئێش وئازاری جووتیارانی کورد ئەوانەی لەناوچەکانی کوردستانی ئازادنەکراون لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەوان و جووتیارانی ناوچە ئازاد کراوەکان لەهەرێم.

٩- بەستنی پەیوەندی یەکی پتەو لەنێوان جوتیارانی کوردستان وجوتیارانی وولاتانی دەرەوە، وەئالوگۆڕکردنی زانیاری و پسپۆڕایەتی کێلگەیی و پیشەیی لەگەڵیان.

١٠- کارکردن بۆ گەڕانەوەی جوتیارانی ئاوارە بۆ گوند و کێلگەو زەوی وزارەکانیان لەگەڵ دابین کردنی پێداویستی ژیان و بەرهەم هێنان، هەروەها هاندانی جووتیاران بۆ گەڕانەوە لە شارەوە بۆگوندەکانیان.

١١- سود وەرگرتن لەو یارمەتیانەی کەلە ڕێگای ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی و خێرخوازەکانی پەیوەستن بە کشتوکاڵ و پێشکەش دەکرێن لەگەڵ یارمەتی ماددی و ڕاوێژکاری لەبواری کشتوکاڵی کێڵگەیی و سامانی ئاژەڵ.

١٢- هەوڵدان بۆ قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانی ئابووری وگیانی جوتیارانی کوردستان لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە شۆڤینی و نامرۆڤانەیەی کە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کردیان، کە ئەمەش لەگەنجینەی عێراق دابین بکرێت.

١٣- هەوڵدان بۆکردنەوەی قوتابخانە لەگوند و دێهاتەکان و ئیمتیازی تایبەت بدرێت بەکوڕە جوتیارەکان بۆوەرگرتنیان لە ئامادەیی یەکان و پەیمانگاکان و کۆلیژەکانی کشتوکاڵی.

١٤- کارکردن لەپێناو بەگەڕخستنەوەی بانکی کشتوکاڵی بۆ بەردەوام بوونی چالاکی یەکانی بۆ خستنەسەرو پشتگیری و دانی سلفە بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی بەمەرجی سووک وئاسان.

١٥- ئامۆژکاری کردنی جوتیاران بۆ بەکارهێنانی ڕێک وپێکی بۆ سامانی ئاو لەکوردستان بە شێوەیەک کە لەخزمەتی ئابووری و قەدەغە کردنی بەفیڕۆدانی ئەو سامانە ئاوی یەی کە هەیە و تەرخان کراوە بۆ ئاودێری و هەروەها هەوڵدان لەپێناو زیاد کردنی سەرچاوەی ئاودێری و گەشەپێدان و چاککردنی ئەو سەرچاوانەی کە هەن.

١٦- کارکردنێکی جددی بۆ پاککردنی سەرچاوەی ئاودێری و گەشەپێدان و چاککردنی ئەو سەرچاوانەی کەهەن.

١٧- ووشیار کردنەوەی تەندروستی جوتیاران لەپێناو پاراستنی تەندروستی خۆیان و منداڵیان و خێزانیان و هەروەها کارکردن بۆ زیاد کردنی بنکە تەندروستی یەکانی بەشەری و بەیتەری.

١٨- کارکردن بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای توخمی ڕەسەن و باش و هاندانی جوتیاران بۆ تاقی کردنەوەو تۆو کردنی توخمی گونجاو لەگەڵ کەش وهەوای کوردستان.

٢٠- کارکردن بۆ دامەزراندنی کۆگاکانی ساردکردنەوە بۆ پاراستنی بەرهەمەکان و عەمبار کردنی لەکاتی زۆری و بەکارهێنانی لەکاتی نەبوونی.
٢١- هاندانی چاندن لەخانووی شووشەیی ودابین کردنی پێداویستی یەکانی.
٢٣- هاندان و بوژانەوەی پیشە کەلەپوری یەکان (کلاش، دروست کردنی لباد، جاجم، بەڕەو...هتد) وەنیشاندانی ئەم بەرهەمانە لەپێشانگە تایبەتی یەکان لەناوەو دەرەوەی هەرێم.
٢٤- هاندانی جوتیاران بۆ چاندنی رووەکە سروشتی یەکان بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە جیهانییەکانی پسپۆڕ وبەشێوەیەکی کاریگەرو رێک وپێک.
٢٥- کارکردن بۆدابین کردنی ئامرازی گواستنەوەی تازە بەنرخێکی گونجاو بۆ بەرهەمە کشتوکاڵی یەکان وەکو هێڵی ئاسنین و ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری گەورە.
٢٦- ووشیار کردنەوەی جوتیاران بۆ پاراستنی جەنگەڵە سروشتی یەکان و لەوەڕگاکان و پەرەپێدانی، بەمەبەستی گەڕانەوەی سیمای رووەکی بۆخاکی کوردستان.
٢٧- هاندانی جوتیاران بۆ گرنگی دان بەسامانی ئاژەڵی وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ لەسەرچاوە کشتوکاڵی یەکان.
٢٨- هەوڵدان بۆ دۆزینەوە وچارەسەر کردنی کێشەی وشکە ساڵی.
٢٩- کارکردن لەپێناو نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ریزەکانی جوتیاران بەزۆر وکردنەوەی بنکە لەناوچە و گوندەکان و دابین کردنی پیداویستیەکانی.
٣٠- بەشداری کردن لەجێ بەجێ کردنی پلانی حکومەت بۆ رێکخستن وگەشەپێدانی چاندن و بەرهەم هێنانی کشت وکاڵ.
٣١- کارکردن لەپێناو پاراستنی ژینگەی کوردستان و پاک راگرتنی.
٣٢- هەوڵدان بۆ بەرین کردنی زۆرترین پانتایی کشتوکاڵی و کەم کردنەوەی زەوی بۆ مەبەستی ناکشتوکاڵی.
٣٣- کارکردن بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ لەبواری کشتوکاڵدا.
٣٤- هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی ئاسایشی خۆراک.

بەشی دووەم
چوونە ناو یەکێتی ئەندامێتی

**ماددەی پێنجەم:**

مەرجی ئەندامێتی:
١- هاووڵاتی کوردستانی عێراق بێت و لێی نیشتەجێ بێت.
٢- بەتاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرا بێت.
٣- ئەو جوتیارەی کە پیشەی کاری کشتوکاڵە بەهەردوو کەرتی روەکی و ئاژەڵی وەک پیشەیەکی سەرەکی، ئەوەش ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- ئەو جووتیارەی زەوی چاکسازی کشتوکاڵی بەسەردا دابەش کراوە.
ب- ئەوی کرێ گرتەن (واتە ئەوانەی زەویان بە کرێ پێدراوە).
ج- ئەو وەرزێرانەی (زارع) زەوی یەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە ئی هیچ کەسێکیان تێپەڕێ دوو هێندەی راددەی یاسایی بۆ دابەش کردن نەکا.
٤- جوتیارو کرێکاری کشتوکاڵی لەناوچەی کاری یەکێتی.
٥- کشتیارە کشتوکاڵی یەکان.
٦- خاوەنی پرۆژە کشتوکاڵی یەکان ـ بەهەردوو کەرتی ڕوەکی وئاژەڵی.
٧- دەرچووانی ئامادەیی و پەیمانگای کشتوکاڵی بەمەرجێک ئەرکی کەیان نەبێت وەک وەزیفە.
٨- تەمەنی لە (١٦) شازدە ساڵ کەمتر نەبێت.
٩- نیشتەجێی ئەو ناوچەیە بێت کەزەوی یان پرۆژەی کشتوکاڵی یەکەی لێ یە.

**ماددەی شەشەم:**

١- چوونە ناو یەکێتی بە داواکاری یەکی نوسراو دەبێت و، پێشکەش بە لیژنەکانی یەکێتی دەکرێت و بەڵگەنامەی پێویستی پێوە دەلکێنرێت.
٢- داواکاری چوونە ناو یەکێتی ئەگەر پێشکەش بە لیژنەی گوند یان ناحیە کرابوو بەرزدەکرێتەوە بۆ لیژنەی قەزا، وە لەماوەی (١٥) رۆژ لەمێژووی تۆمار کردنێوە پێویستە ببڕێندرێتەوە، ئەگەر ماوەکەش تەواو بوو نەبڕێندرابەوە ئەوا داواکاری یەکە بە قبوڵ کراو دەژمێردرێت.
٣- لیژنەی قەزاو لیژنەکانی سەروتر بۆیان هەیە داواکاری چوونە ناو یەکێتی رەت بکاتەوە بە بڕیارێکی هۆدار، خاوەنی داوکاریەکەش بۆی هەیە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا لەماوەی (٣٠) رۆژ لەمێژووی ئاگادار کردنیەوە تانەی لێ بداو بڕیاری دادگاش بە بنبڕ دادەنرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

١- رەسمی چوونە پاڵ یەکێتی بۆ ئەندام (٢٥) بیست و پێنج دینارە.
٢- رەسمی بەشدار بوونی ساڵانە (٢٠) بیست دینار دەدرێ کە لەمانگی شوباتی هەر ساڵێک نابێ تێپەڕێت، ئەگەر ئەندام لەکاتی دانی ئەو رەسمە لەکاتی دیاری کراو دواکەوت (٥٠ ٪) لەرەسمی بەشدار بوونی بۆ یەکێتی جەزا دەدرێ، وە ئەگەر بۆ ماوەی سێ ساڵی یەک لەدوای یەک بەبێ عوزرێکی ڕەوا ئەو رەسمەی نەدا مافی ئەندامێتی لە دەست دەدات.

بەشی سێ یەم
«پێکهاتە»

**ماددەی هەشتەم:**

یەکێتی پێک دێت لە:
١- لیژنەی گوند.
٢- لیژنەی ناحیە.

٣- لیژنەی قەزا.
٤- لیژنەی لق لە پارێزگاکان.
٥- لیژنەی بەرزەفتی.
٦- نوسینگەی راپەراندن.
٧- کۆنگرە.

**ماددەی نۆیەم:**

لیژنەی گوند: پێک دێت لەسێ ئەندام و یەک ئەندامی یەدەگ، هەر سێ ساڵ جارێک لەلایەن ئەندامانی یەکێتی لە سنووری گوند هەڵدەبژێردرێ، بەمەرجێک ژمارەی ئەندامانی یەکێتی لەسنوری هەر گوندێک لە (٣٠) سی جووتیار کەمتر نەبێت، وە لەکاتی کەمتر بوونی ئەم ژمارەیە بە دوو گوند یان زیاتر کە ژمارەیان بگاتە (٣٠) سی جووتیار بەیەکەوە لیژنەیەک پێک دەهێنن.

**ماددەی دەیەم:**

لیژنەی ناحیە: پێک دێت لەسێ ئەندام و یەک ئەندامی یەدەگ، هەر سێ ساڵ جارێک لەلایەن سەرۆکی لیژنەی گوندەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و، لیژنەش لەنێوان ئەندامانی سەرۆکێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی یازدەهەم:**

لیژنەی قەزا: پێک دێت لەسێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ، هەر سێ ساڵ جارێک لەلایەن لیژنەی ناحیەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و، لیژنەش لەنێوان ئەندامانی سەرۆکێک بۆ لیژنە هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی دوازدەهەم:**

ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەکانی (گوند، ناحیە، قەزا):
١- جێ بەجێ کردنی بڕیارو راسپاردەکانی لیژنەکانی سەروتریان.
٢- بەشداری کردن لەچارەسەری کێشەکانی جوتیاران و کشتوکاڵ بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دەزگا رەسمی یەکان، هەر یەکەو لەسنووری کاری خۆیدا.
٣- بەرزکردنەوەی پێشنیارەکانی تایبەت بە پەرەپێدانی ناوچەکانیان بۆ دام ودەزگا پەیوەندارەکانی حکومەت، هەر لیژنەیە و لەسنووری جوگرافی خۆی.
٤- نامەو نوسراو بۆ دەزگا رەسمی یەکان و رێکخراوەکان هەر یەکە لەسنووری جوگرافی خۆی.
٥- کارپێکردنی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن لیژنەکانی سەروتر بەهەریەکەیان دەبەخشرێ بەگوێرەی ئەم یاسایە.

**ماددەی سێزدەهەم:**

لیژنەی لقەکانی یەکێتی لەپارێزگاکان: لەلایەن لیژنەیەک بەرێوە دەچێ کە پێک دێت لەپێنج ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ، کە هەر سێ ساڵ جارێک لەلایەن لیژنەی قەزاکان و سەرۆکی

لیـژنەی ناحیـە هەڵدەبژێردرێن، و لیـژنە لەناو ئەندامەکانی دا سەرۆک و جێگری سەرۆک و بەرپرسی دارایی هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی چواردەهەم:**

دەسەڵاتەکانی لیژنەی لق:

١- جێ بەجێ کردنی بڕیار وراسپاردەکانی کۆنگرەو نووسینگەی ڕاپەڕاندن.

٢- دامەزراندنی بەردەستەکان (مستخدمی) لە لق.

٣- هەڵبژاردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات لە لیژنە ڕەسمیەکانی سنووری پارێزگا.

٤- پێشکەش کردنی پێشنیارو راسپاردەی تایبەت بەکاروباری لق بۆ نووسینگەی راپەراندن تا بڕیاری لەسەر بدرێت.

٥- سەرف کردنی خەرجی پێویست بۆ کاروباری لق لەدوو توێی بودجەکەیدا.

٦- رێکخستنی ناسنامە بەپێی ڕێنماییەکانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن.

٧- کار پێکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە نووسینگەی ڕاپەڕاندن پێی دەبەخشێت بە گوێرەی ئەم یاسایە.

**ماددەی پازدەهەم:**

لیژنەی بەرزەفتی(الانضباط)تایبەتمەند دەبێ بە تاماشا کردنی ئەو کێشەو شکاتانەی نووسینگە بۆی دەنێرێ، لەگەڵ ئەو سەرپێچیانەی کە لەم یاسایە دەقی گرتووە، وە ئەو بنەمایانە پەیرەو دەکات کە لە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتووەو پێک دێت لە سێ ئەندام و یەک ئەندامی یەدەگ کە بەلانی کەمەوە دەرچووی ئامادەیی یەکی پەیوەندار بە سامانی رووەکی یان سامانی ئاژەڵی بێت، وە لەناو خۆیاندا سەرۆکێک بۆ لیژنە هەڵدەبژێرن.

**ماددەی شازدەهەم:**

لیژنەی بەرزەفتی(الانضباط)دەسەڵاتی دەرهێنانی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:

١- وریا کردنەوە.

٢- ئینزار.

٣- لێ قەدەغە کردنی دەست دانە پیشە بۆ ماوەیەک کە لەشەش مانگ زیاتر نەبێ.

٤- ئەو کێشانەی کە بەتاوان دەژمێردرێت دەنێردرێنەوە دادگای تایبەتمەند.

٥- دەربارەی فەرمانبەرانی فەرمانگە ڕەسمییەکان لێ قەدەغە کردن سنووردارە لەسەر ئیش لە دەرەوەی کاتەکانی دەوامی ڕەسمی بەمەرجێک فەرمانگە تایبەتمەندەکە بەبڕیارەکە ئاگادار بێت.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

١- دەکرێ تانە لە بڕیارەکانی لیـژنەی بەرزەفتی بدرێ لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێم دا لەنێوان ماوەی(١٥)پازدە ڕۆژ لە مێژووی ئاگادار کردنەوە لە بڕیارەکە وە بڕیاری دادگاش بنبڕە.

٢- سزا تەمیز کراوەکان بەسەر سەرپێچی کاردا جێبەجێ ناکرێ تا پلەی بنبڕی وەرنەگرێ.

**ماددەی هەژدەهەم:**

ئەندام پێویستە لەم کارانەی خوارەوە دوور بکەوێتەوە:

١- نوێ نەکردنەوەی بەشداری سالانە.

٢- پشتگوێ خستن یاخود کۆسپ خستنە بەر پیادەکردنی یاساو پەیڕەوەکانی پەیوەندیدار بە یەکێتی و ئەو بڕیارانەی کە دەریان دەهێنێ.

٣- چاودێری نەکردنی ڕەوشتی پیشەیی وزەرەردان لە ناوبانگ و کەرامەتی پیشەکە.

**ماددەی نۆزدەهەم:**

ئەندامی سەرپێچی کار لەوەی کە لە ماددەی بیست ودووی ئەم یاسایەدا هاتووە بەبڕیارێکی ئەنجومەن دەدرێتە لیژنەی بەرزەفتی.

**ماددەی بیستەم:**

نووسینگەی ڕاپەڕاندن: کە کاروباری یەکێتی بەڕێوە دەبات پێک دێت لە:-

١- سەرۆک: دەبێ دەرچووی یەک لە(ئامادەیی، پەیمانگا، کۆلیژ)ی پەیوەندار بە سامانی ڕووەکی یان سامانی ئاژەڵی بێت وماوەی دەرچوونیشی لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- شەش ئەندام ودوو ئەندامی یەدەگ: کە شارەزایی یەکی باشیان لەبواری جوتیاران هەبێت.

ماددەی بیست ویەکەم:

١-نووسینگەی بەدەنگەکانی نهێنی لە نێوان ئەندامەکانی دا جێگرێک وسکرتێرێک هەڵدەبژێرێ.

٢- نووسینگە دانیشتنە ئاسایی یەکانی خۆی بەلانی کەمەوە مانگی جارێک دەبەستێ و دانیشتنی نائاسایی بەبانگێشتی سەرۆک یان بەداواکاری سێیەکی ئەندامان دەبەسترێ.

**ماددەی بیست ودووەم:**

١-نیساب لە نووسینگەی ڕاپەڕاندن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێت، وە بڕیارەکانیش بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەدرێ، وە لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان بەو لایەنەدا دەلەنگێ کە دەنگی سەرۆکی تێدایە.

٢- ئەگەر بەهەر هۆیەک بێ شوێنی سەرۆک چۆڵ بوو ئەوا جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە وە لەکاتی چۆڵ بوونی شوێنی جێگر سکرتێر شوێنی دەگرێتەوە.

٣- بەدەنگدانی نهێنی یەکێ لە ئەندامە ئەسڵیەکانی شوێنی سەرۆک دەگرێتەوە لەکاتی چۆڵ بوونی پلەو پایەکانی سەرۆک وجێگرەکەی وسکرتێردا.

٤- ئەگەر پایەکانی زۆرینەی ئەندامانی نووسینگە چۆڵ بوو، نووسینگە لە سەرێتی لەماوەی دوو مانگدا هەوڵی بەستنی کۆنگرە بدات یان زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی پێشوو بانگهێشت بکات بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی کە ئەو پایانە پڕدەکەنەوە، بەهەمان ڕێگەی باسکراو لەم یاسایەدا بۆ ئەوەندە ماوەی کە ماوە بەمەرجێک ئەو ماوەیە لەشەش مانگ کەمتر نەبێت.

٣- چاوپێخشاندن بەو پێشنیارانەی کە لەبارەی هەموار کردنی یاسای یەکێتی پێشکەش کراون.
٤- بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆو هەموار کردنی.

**ماددەی بیست وحەوتەم:**

دەکرێ کۆنگرەی نائاسایی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ببەسترێت:
١- بەبڕیارێکی هۆدار لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن.
٢- بە داواکارییەکی نووسراوی هۆدار کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە پێشکەش بە نووسینگەی ڕاپەڕاندنی دەکەن ودەبێ ئەویش بانگهێشت دەربهێنێ وکاتی بەستنی کۆنگرە لەماوەی(١٥)ڕۆژ دیاری دەکات لە مێژووی گەیشتنی داواکارییەکەوە.

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

بڕیارەکانی کۆنگرە بەزۆرینەی دەنگ دەدرێ ولەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیشدا بەو لایەدا دەڵەنگێ کە سەرۆکی تێدایە.

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

سەرۆک ئەو دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
١- سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی نووسینگەی ڕاپەڕاندن.
٢- نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی لەلای دەزگای دادوەری وئیدارییەکان و دەستە ڕەسمی ونیمچە ڕەسمییەکان و ڕاستاندنی موعامەلەکان وبەڵگەنامەی تایبەت بەیەکێتی، دەشتوانێ هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بەهەر ئەندامێکی نووسینگەکە بیەوێ.

بەشی چوارەم
«دارایی یەکێتی»

**ماددەی سییەم:**

دارایی یەکێتی پێک دێت لە:
١- ڕەسمی چوونە ناو یەکێتی و بەشداری ساڵانە.
٢- ئەو بەخششانەی کە لەلایەنە ڕەسمی ونیمچە ڕەسمییەکان پێشکەش دەکرێت بەیەکێتی.
٣- ئەو پێدان و لەقەبەر کردنانەی لەلایەن ئەندامان وکەسانی تر پێشکەش دەکرێت دوای ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان.
٤- قازانجی ئەو پڕۆژانەی لەلایەن یەکێتییەوە بنیات دەنرێ.
٥- قازانجی چاپەمەنییەکانی یەکێتی.
٦- ئەو کرێیانەی کە یەکێتی بڕیاری لەسەر دەدات لە کاتێک کە بەکاری ناوبژی هەڵدەستێ.
٧- ڕەسمەکانی پشتگیری توانای دارایی ئەندام لە کەفالەو گرێبەند لەنێوان ئەندامان وکەسی پەیوەندار بە ڕێژەی(١٪)لە بڕەپارەی کەفالەو گرێبەند.

**ماددەی سی ویەک:**

کۆنگرە بۆی هەیە پێشنیاری هەموار کردنی خشتەی ڕەسمە بڕیار لەسەر دراوەکان بکات.

**ماددەی سی ودوو:**

نووسینگەی ڕاپەڕاندن بەئامادە کردن ودەرهێنانی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی هەڵدەستێ بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی سی وسێ:**

یەکێتی ئەندام دەبێت لە هەموو ئەو لیژنانەی حکومەت کە پەیوەندی بە ڕەوشی جوتیاران و کشتوکاڵ هەیە لە کوردستان.

**ماددەی سی وچوار:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ دەبێت.

**ماددەی سی وپێنج:**
لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.
**ماددەی سی وشەش:**
ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی رەسمی بڵاو دەکرێتەوە.
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، بەرێزان ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن ولیژنەی کشتوکاڵ ئەکەین و وێنەیەکی ئەنێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەرێزان خاڵی سێیەمان خستنەروو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، لەم بارەیەوە لیژنەی یاسایی تێبینییەکی هەیە، فەرموو کاک محمد حسن باڵەتە.
**بەرێز محمد حسن باڵەتە:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەو یاسایە بۆ ئێمە هات ودوو سێ کۆبوونەوەمان کرد دوایی بریارمان دا، دەستەی سەرۆکایەتیش بریاری دا کە لەرۆژنامە بڵاو بکرێتەوە، ئەوە پێش هەفتەیەک بڵاوکرایەوە هیچ وەڵامێک بۆ ئێمە نەهاتووە وهیچ تێبینی بۆ ئێمە نەهاتووە تا ئێستا تا ئێمە اعادەی دراسەی بکەین، لەبەر ئەوە لیژنەی یاسا داوای تەئجیلی ئەم برگەیە دەکات بۆ دانیشتنێکی تر، سوپاس.
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەگەر هیچ تێبینی نییە،.. فەرموو کاک شەفیق امین.
**بەرێز شەفیق امین:**
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش پێشنیارەکەم تەئییدی ئەوان دەکەم، بەڵام ئەمە لەرۆژنامە بڵاوکراوەتەوە لە پاشان پێویستە هەردوو لیژنە لیژنەی یاساو لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەردووکیان پێکەوە دابنیشن ئەم پرۆژەیە بخوێننەوە بەرێک وپێکی پاش دوایی هاتنی، لیژنەی نقابی خۆیشیان ئامادە بن چونکە ئەمە پرۆژەیەکی تۆزێک گرنگە پێویستە گرنگی پێ بدرێ، من لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە دوا بخرێ بۆ ماوەی پانزە رۆژ یاخود هەردوو لیژنە کاتێک کە کۆتاییان پێ هێنا ئەو کاتە خۆیان سەرۆکایەتی ئاگادر بکەنەوە بۆ ئەوەی کەوا دانیشتنەکە دەست پێبکات، سوپاس.
**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، ئەگەر تێبینی تر هەیە؟.. نییە.. ئەم خاڵەی بەرنامەی کار دوا دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر. بەرێزان لێرەدا کۆتایی بە کاروباری ئەم دانیشتنەی ئەمرۆمان دێنین زۆر سوپاستان دەکەین لەکاتی داهاتوودا ئاگادارتان دەکەینەوە ..... سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

٣ـ أ ـ يعاقب من يعتدي على العضو أثناء تأدية واجب أعمال مهنته أو بسبب تأديتها بالعقوبة المقررة لمن يعتدي على موظف عام أثناء تأدية وظيفته أو بسبب تأديتها.
ب ـ لايجوز أستجواب العضو أو التحقيق معه عن جريمة منسوبة اليه متعلقة بممارسة مهنته إلا بعد إخبار النقابة بذلك.
٤ـ يعالج العضو في الغرف المأجورة من الدرجة الأولى في المؤسسات الصحية الحكومية ومعاهدها الفنية ويعفى من دفع الأجور.
المادة الثالثة و الثلاثون:
للجنة الانضباط الاتصال بالدوائر كافة والمراجع الاخرى في الأمور التي تتعلق بالقضايا المعروضة عليها.
المادة الرابعة و الثلاثون:
على مجلس النقابة أن يضع نظامها الداخلي خلال مدة أربعة أشهر من تاريخ العمل بهذا القانون وعلى أن يتضمن تسهيل إجراءات هذا القانون وبوجه خاص:
١ـ تفاصيل تشكيلات النقابة وقواعد سير العمل فيها والعلاقة بينها وبين الغير.
٢ـ تفاصيل كيفية إجراء الانتخابات في النقابة وفروعها وأصول الدورة الانتخابية ومدتها وانتهاء العضوية ودعوة الأعضاء.
٣ـ قواعد الحل والتصفية.
٤ـ كيفية منح إجازات فتح المستشفيات والمختبرات والعيادات الخاصة وممارسة المهنة.
٥ـ بيان الامور الاخرى بما فيها الأمور المالية والحسابية والانضباطية وغيرها.
المادة الخامسة و الثلاثون:
لمجلس النقابة إصدار تعليمات وبيانات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ماندووتمان کرد جا ئەگەر حەز دەکەی جەنابت فەرمووبا بەڕێز کاک حسێن علی کمال پرۆژەکان بخوێنێتەوە، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەکانی تەندروستی و دارایی و یاسایی ئەکەین، پرۆژەی شەشەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی کوردستانە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

مشروع القانون رقم( )لسنة٢٠٠١
قانون اتحاد فلاحي اقليم كوردستان العراق

المادة الاولى:
يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

